ناونیشانی (وتاری هەینی)

28/ محرم/1441	2019-9-27م	٥/ڕەزبەر/٢٧١٩ك

یەکڕیزی لێپرسراوەتیەو پێویستە هەمووان بیپارێزین

ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی زۆری داوە بە یەکریزی موسڵمانان، وە ڕێگری دەکات لە هەر جۆرە تەفرەقەو دووبەرەکی و لێکترازانێك، کە ببێتە مایەی تێکچوونی کۆمەڵگەو شڵەژانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، وەلانانی کێشەو ناکۆکیەکان لەپێناو تەبایی‌و ئاشتەوایی، یەکێکە لە سیما جوانەکانی شارستانیەت‌و ئارامی‌و پێشکەوتن و دینداری.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە روونی‌و جوانی فەرمان دەکا بە یەکریزی‌و ڕێگری دەکات لە پەرتەوازەیی‌و دووبەرەکی، ئەمەش دەبەستێتەوە بە بابەتی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هەروەك دەفەرموێت: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) الانفال: ٤٦. یاخود دەفەرموێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا) آل عمران: ١٠٣. کەواتە ناکۆکی‌و دووبەرەکی دەردەو خراپەیە، یەکبوون‌و یەکریزی نیعمەت‌و ڕەحمەتە.

دیارە ئەنجامی نیزاع‌و دووبەرەکی شکست‌و فەشەلە، مانای (وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ) ئەوەیە کە بێ هێز دەبن‌و هەیبەت‌و شکۆی دەستەڵاتتان لە بەین دەچێت‌و ناگەن بە ئامانج‌و یەکریزی‌و ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهاتووە نامێنێ، هەروەك یاوەرانی پێغەمبەر (درودو سەلامی خوایان لەسەر بێت) لە دەستیاندا لە شەڕی (ئوحد) چونکە ئیختیلاف‌و نیزاع دروست بوو.

هەندێ گوفتارو ڕەفتارو هەڵسوکەوت هەیە دەبێ لە پێناو پاراستنی یەکریزی ئەنجامی نەدەین، بەڵکو بەردەوام لای خێرو باشەو چاکە هەڵبژێرین‌و بە سینگفراوانی‌و تەحەمولکردنی هەندێ شت هاوکاری ڕێی چاکە بین، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ) النساء: ١١٤.

پارێزگاری لە یەکریزی ئەمانەت و مەسئولیەتی سەرشانی هەموو لایەکمانە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەو بارەوە دەفەرموێت: (كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مسؤول عن رَعِيَّتِهِ الْإِمَامُ رَاعٍ ومسؤول عن رَعِيَّتِهِ وَالرَّجُلُ رَاعٍ في أَهْلِهِ وهو مسؤول عن رَعِيَّتِهِ وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ في بَيْتِ زَوْجِهَا ومسؤولة عن رَعِيَّتِهَا وَالْخَادِمُ رَاعٍ في مَالِ سَيِّدِهِ ومسؤول عن رَعِيَّتِهِ)رواه البخاری.

فەرموودەکە پێمان دەڵێ هەموو کەسێکی عاقڵ، ئەرکو لێپرسراویەتی لەسەر شانە، لە سەرەتاو کۆتایی فەرموودەکە جەختی لێ کراوەتەوە، کە ئەمە نیشانەی گەورەیی مەسئولیەتە بەرامبەر خاکو خەڵکو کۆمەڵگە.

پێویستە سەرجەم چینو توێژو لایەنەکان بە هەستیاری و ژیری رەفتار بکەنو رەچاوی دۆخی گەلو واقعی کوردستان بکەنو بە هێورەییو مامەڵەی جوان پاڵپشتی ئەو یەکریزیە بکەن، نەك کارتی ترازانو دروستکردنی درزو پەرتەوازەیی بدەیتە دەست یەکترو ببینە هۆکاری دووبەرەکی، چونکە قۆناغی ئێستا حوکمڕانیە نەك شۆڕشی چەکداریو گەڤو هەڕەشە.

دوژمنان بەردەوام بە جۆرەها شێواز ویستویانە گەلی کورد پەرتەوازە بکەن، هەموو جۆرە چەکێکیان لەو پێناوە بەکار هێناوە، بەڵام نەیانتوانیوە شکستی پێ بێننو چۆکی پێدابدەن، هیواو ئاواتیان تێکچوونی نێو ماڵی کوردو دروستبوونی پەرتەوازەییە (شقاقو خلاف).

بە تەجرەبە دەرکەوتووە هەموو شکستەکان لە ئەنجامی دووبەرەکیو خۆخۆری بووە، هەموو دەسکەوتەکانیش لە ئەنجامی یەکریزیو یەك هەڵوێستی بووە.

ئەگەر لە بیرکردنەوە جیاوازین، یان یەك ڕەنگ نین، با لە هەڵوێستو پرسە نیشتمانیو گشتیەکان یەك بینو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و ئارامیو تەبایی گەلەکەمان یەك دەست بین.

شاعیر دەڵێ:

أصابع كفّ المرء في العدِّ خمسة ... ولكنّها في مقبض السيف واحد

واتە: ژمارەی پەنجەکانی دەستی مرۆڤ پێنجنو جیاوازن بەڵام لە گرتنی شمشێر دەبن بە یەك.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: ("الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ، يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا" ثُمَّ شَبَّكَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ) رواه البخاری.

خوای گەروە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) الحجرات: ١٠.

کەواتە ئەگەر هۆشیار نەبین ئەوەی بە یەکگرتوویی بەدەست هاتووە، بە ناکۆکی و ناریکیو دووبەرەکی لەدەستی دەدەینو سەرەنجام هەموومان زەرەرمەند دەبینو دەبی باجەکەشی بدەین.